# خۆزگە وەک سەگ باین !



**هێمن عەبدوڵلا/ هۆڵەند**

ماڵی دوو دەقیقە دوورە لە ماڵی هاورێکەم ، هەمیشە بە کراسێکی گوڵدار و پانتۆڵێکی درێژتر لە باڵای ، بە سەگێکەوە دێت و دەڕوات ، ئەو کە لە ژێر چاویلکە جوان و مۆدێرنەکەیەوە لە من دەڕوانێ ، ناچارمدەکا سڵاوی لێبکەم ، بەڵام زەحمەتی وەڵامدانەوە ناداتەخۆی و بەسەرراوەشاندنێک تێدەپەڕێ . ئەو دەڕوات ، زۆر هێمن دەڕوات و سەگە ئاقڵەکەشی لە تەنیشتی و بە شکۆیەکی ئازایینوێنانەوە هاوپێنگاڤیی دەکات ، ئەوان زۆرتر لەوەی لە سەگ و خاوەنسەگ بچن ، لە دوو هاورێی چاکدەچن ، بۆیەش حەزدەکەم لە خەسڵەتی ئەو پێوەندییە ناوازەیەیان تێبگەم و بزانم دۆستایەتیی سەگ و بنیادەم ، کوێی شایستەی تێڕامانە؟

*                    *                    *

ناوی ( دانییێل ) ە ، تەمەنی حەفتاساڵە و دەڵێت : هێشتا جحێڵم ! ، هاورێکەشی ( تارزێن ) ە و پرسیاری تەمەنیم نەکردووە ، تارزێن بە میهرەبانییەوە بەدەوری هاورێکەیدا دەسوورێتەوە و لەشی لە قاچەکانی دانییێل دەسوێت ، ئەویش بەرسڤی خۆشەویستییەکەی ، بە دەستبەسەرداهێنان و نەوازشێکی راستگۆیانە دەداتەوە ،تارزێن دەیەوێ بەرەولای من بێ ، نازانم نیازی چییە؟! ، بۆیەش سڵدەکەمەوە و کەمێک دەکشێمەوە دوایێ ، بەڵام هاورێکەی دڵنیامدەکاتەوە و بە دەنگێکی کەمێک سۆزئامێز دەڵێت : لێی مەترسە ، هیچناکات .

پێیدەڵێم : تاکە ئاژەڵ کە لێیدەترسێم ، سەگە ( مەبەستم لە دەستەمۆکانە ) ، لێ ئەو بە توندی رەتیدەکاتەوە و دەڵێت : باشترین گیانلەبەر کە بیناسم کسۆکە * ، دەمەوێ جوانتر لێیحاڵیبم ، بۆیەش دەپرسم : لە مرۆڤیانیش چاترە ؟ ، بە دڵنیاییەوە دەڵێت : زۆریش چاترە ! .

*                    *                    *

مامۆستا بە دەنگی بەرز دەیگوت : ئای زەردە دەوەڕێت ، ئێمەش بەدوایدا دەمانگوتەوە .
دیسان دەیگوت : زەردە دڕە ، کەمێک دەترساین و بە دەنگی بەرزتر ئەویشمان دەگوتەوە . ئەوجارە دەیگوت : زەردە زۆر زۆر دڕە ! ، ئێمەش زۆر زۆر لە زەردە دەترساین و بە ناچاری ئەوەشمان دەگوتەوە .
کە زەنگی کۆتایی لێیدەدا ، بە دەم ڕێگاوە ، بە گۆرانی ( زەردە زەردە وا ڕاوە ) بەرەو ماڵدەبووینەوە ، لە ڕێگادا تووشی سەگێکی بەڕەڵڵا دەبووین و بە هەمووان بەردبارانمان دەکرد ، هەرچەندە زۆریش دەترساین کە وەک زەردەی نێو کتێبی قوتابخانە ، پێمانبوەڕێ ، یانیش زۆر زۆر دڕ بێ ، لێ زەردەی داستانی مە ، تێیدەقوچاند و ئێمەش گۆرانییەکەمان دەستکاریدەکرد : زەردە ناوەڕێ .. زەردە زۆر زۆر دڕ نییە ... زەردە هەڵدێ ، زەردە پیاو نییە !!.

*  *  *

دانییێل کارمەندی خانەنشینی دەوڵەتە ، ماڵەکەشی پڕ لە کتێبی کۆن و جوانە ، لێ لە تەکنەلۆژیای نوێ دڕدۆنگە و لە تەلەفزوێن بترازێ ، هیچ ئامێرێکی دیکەی پێوەندیگرتن بەدنیای دەرەوەی نییە ، پێیدەڵێم : ئینتەرنێت شتێکی پێویستە ، دەڵێت : نامەوێ ، چونکە ئاوا ژیانم ئارامترە ، دەڵێم : ئەی بۆ تەلەفۆن یان مۆبایلت نییە ؟ ، دەڵێ : چییانلێبکەم ؟! ، کەمێک بێدەنگدەبم و پێیدەڵێم : دەگەڵ هاوڕێکانت ، یان خزمەکانت پێوەندی بگرە ، بێ ڕاوەستان دەڵێت : هاوڕێی من ناوی ( تارزێن ) ە ، ئەویش تێلەفۆنیشی بۆ نەکەم ، هەر دەگەڵمە ! ، دیسان درێژەی دەداتێ و دەڵێت : تارزێن ، نە بۆڵەبۆڵ دەکات ، نە لەگەڵ خەڵکی دیکەدا دەڕوات ، نە بەدرۆ دەڵێ : خۆشمدەوێ ، تارزێن دۆستێکی بەوەفایە ، ئەوم هەیە ، بەسمە .

*  *  *

دواندنی ئەو پیاوە و ناسینی هاوڕێکەی ، دەرگای ڕاستییەکی سەیرم بە ڕوودا دەکاتەوە :
- ئەگەر لەگەڵ ئەو ئەقڵە مەزنەی لە کەللەی مرۆڤاندایە ، خۆشەویستی و وەفاداریی بێبەرامبەری سەگیشمان هەبا ، نە بەر لە وشکبوونەوەی مرەکەبی ڕێککەوتنە ئاشتەوایيەکان ، پاشقۆڵمان لێکدیدەگرت و نە قەتیش دەمانتوانی جگە لەناوپێخەفی میهرەبانانەی دڵدار و هاوسەرەکانمان ، لە شوێنێکی دیکە ، بە ئارامی بخەوین .
خۆزگە چەندە مرۆڤی ئاقڵین ، هێندەش وەک سەگ وەفاداربایین ! .

..................
* زۆربەی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی ، بە سەگ دەڵێن : کسۆک ، ئەزیش بەئەنقەست ( هۆند ) ی هۆڵەندیم بە( کسۆک) وەرگێڕاوە .

www.hemnabdulla.blogspot.com